# حوكمی سەرجێی كردن لەگەڵ خێزانی خۆت لە ڕۆژووی واجبی جگە ڕەمەزان

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم من جامع أهله في صيام واجب غير رمضان

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی سەرجێی كردن لەگەڵ خێزانی خۆت لە ڕۆژووی واجبی جگە ڕەمەزان

**پرسیار** : ئایا حوكمی سەرجێی كردن لەگەڵ خێزانی خۆت لە ڕۆژووی واجبی جگە ڕەمەزان چییە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

زانایان كۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەركەسێك سەرجێی لەگەڵ خێزانی خۆی بكات لە ڕۆژگاری مانگی ڕەمەزان، و ئاوی بێتەوە یان نەیەتەوە، ئەوە لەگەڵ ئەوەی لەسەری واجبە قەزای بكاتەوە، واجبە لەسەریشی كەفارەتەكەشی بدات كە بریتییە لە ئازادكردنی بەندەیەك، ئەگەر دەسەڵاتی كڕینی بەندەی نەبوو، دەبێت دوو مانگ ڕۆژوو لەسەریەك بگرێت، ئەگەر ئەوەشی نەتوانی ئەوە دەبێت نانی شەست هەژار بدات، لەسەر ڕای دروستی زانایانیش هیچ كەسێكیان لەم حوكمە جودا

نەکردوەتەوە کەسانێك نەبێت بەزۆر ئەو کارەیان پێ بکرێت، یان جاهل و نەزان بن بەو حوکمە، یان حوکمەکەی لەبیر چووبێتەوە .

وە ئەگەر هاتوو دەستبازی لەگەڵ خێزانی کرد و ئاوی هاتەوە، بەڵام جووت نەبوو بوو لەگەڵی، ئەوە لەسەر ڕای صەحیح و دروستی زانایان لەگەڵ ئەوەی ئەو کەسە گوناهبار دەبێت، دەبێت قەزایشی بکاتەوە و تەوبە لەو کارەیشی بکات، وەك ووتیشمان ئەگەر جووت بوو لەگەڵی، بەڵام ئاوی نەهاتەوە ئەوە دەبێت قەزایشی بکاتەوە و کەفارەتەکەشی بدات بەو شێوەیەی باسمان کرد لەپێشەوە .

کەواتە زانیمان کەفارەت پەیوەستە بە جووت بوون لە ڕۆژگاری ڕەمەزاندا، نەك بە ئاو هاتنەوە و ڕەحەت بوون .

بۆیە ئەگەر کەسێك ڕۆژووی واجبی لەسەر بوو، وەك قەزای مانگی ڕەمەزان، یان ڕۆژووی نەزر، و لەکاتی گرتنەوەی ئەو ڕۆژوەدا لەگەڵ خێزانیدا جووت بوو، ئەوە جمهوری زانایان بەلایانەوە وایە تەنها واجبە لەسەری ڕۆژێکی تر لەبری ئەو ڕۆژە بگرێتەوە و هیچ کەفارەتێکی لەسەر نییە، چونکە کەفارەت پەیوەیستە بە

ڕێز و پلە و پایەی کاتی مانگی ڕەمەزانەوە، نەك بە کاتی قەزا کردنەوەکەیەوە، لەگەڵ ئەوەدا زانایان دەڵێن ئەو کەسە گوناهێکی کردووە و دەبێت تەوبەی لێ بکات و داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، چونکە سنورێك لە سنورەکانی خوای گەورەی شکاندووە، ئەویش ئەوەیە لەکاتی قەزاکردنەوەی قەرزێکی خوای گەورەدا سنورەکانی خوای گەورەی نەپاراستووە .

خوای گەورەش زاناترە .